# هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێگایەکی نادیموکراسی یانە

ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان

bahman@planet.nl

هەڵبژاردنی بەڕێز مسعودبارزانی بەسرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕێگای پارلەمانەوە ولەسەربنەمای سیاسەتی تەوافقات لەنێوان یەکێتی وپارتی دا ، بەدەرلەوەی کەئەم ڕوداوەتاچەند ئاڵوگۆڕێکی سیاسی پۆزەتیفانەیە سەبارەت بەپەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوحیزبەوبەشێوەیەکی کاتی گرژی وتوندوتیژیەکانی نێوان یەکێتی وپارتی لەبەرامبەریەکترداچارەسەردەکات وکەم ڕەنگ دەکاتەوە وتاڕادەیەك دەبێتەهۆی گەڕانەوەی ئەمنیەت وئارامی بۆکوردستان ، هەروەهالەگەڵ ئەوەشداکە بەڕێز مسعودبارزانی سەرکردەیەکی شایستەوجێگای متمامنەوباوەڕی خەڵکی کوردستانە ، بەڵام خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەلەڕوی فەنی وقانونیەوە هێشتا هەنگاوێکی ناتەواوەبەرەوچەسپاندنی ئاشتی ڕاستەقینەولەگەڵ شەرعیەت وپرەنسیبی دیموکراسی سەردەم ناکۆك ونەگونجاوە ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێتەسەرۆکی گشتی وڵات وپارێزەری بەرژەوەندیەکانی خەڵك ، هەربۆیەش ناکرێ بەپێی ئارەزو و تەوافقات وبەرژەوەندی سیاسی دوحیزب سەرۆکی هەرێم لەڕێگای پارلەمانەوە دیاری بکرێت ، بەپێی پرەنسیبی سیستمی دیموکراسی لەوڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا ، تەنهاسەرۆکی پارلەمان وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی تەوافقات وبەرژەوەندی حیزبی لەلایەن پارلەمانەوەدیاری دەکرێن ، لەهەمو وڵاتانی دیموکراسی دونیادا{ مەلیك وپاشاو سەرۆکی وڵات} ڕاستەوخۆلەلایەن خەڵکەوەولەدەنگدانێکی گشتی داهەڵ دەبژێردرێن ، سەرۆکی وڵات دەبێ بەشێوەیەکی قانونی ولەڕێگای دەنگدانێکی گشتی یەوەوڕاستەوخۆلەلایەن خەڵکەوە شەرعیەتی دەسەڵاتی خۆی وەربگرێت ولەقاڵبی تەسکی بەرژەوەندی حیزبایەتی بێتەدەروبەشێوەیەکی قانونی ببێتەنوێنەروپارێزەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندی باڵای وڵات ، ڕاستەپارلەمانیش خەڵکی کوردستان دەنگی پێ داوەوهەردوفراکسیۆنی پارتی و یەکێتی لەلایەن خەڵکەوەهەڵبژێردراون ، بەڵام دەزگای تەشریعی وتەنفیزی وەك ئیدارەوحکومەت سەبارەت بەدەسەڵات وشەرعیەت بۆئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەنێوان حیزبەکانداشتێکەوسەرۆك ومەرجەعی گشتی وڵات شتێکی دیکەیە .

ئەگەرچی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەڕێگایەکی غەیرەدیموکراسی یانەولەسەربنەمای تەوافقاتی حیزبی بەڕێوەچو ، لەگەڵ هەموناتەوایەقانونیەکانیشدائەم ڕوداوە دەست کەوتێکی سیاسی گەورەیەبۆپارتی ولەهەمان کاتداسەرکەوتنێکی مێژوویی یەبۆ خەڵکی کوردستان ، هەروەهاخاڵێکی پۆزەتیفانەوگرنگە لەنیشاندانی هەڵوێستی سیاسی وبەرپرسیارێتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بە شکاندنی دیواری بێ متمانەی لەنێوان یەکێتی وپارتی دا ، قبوڵ کردنی بەڕێز مسعودبارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوفراکسیۆنی یەکێتی وپارتی ، وەرچەرخانێکی مێژوویی زۆرگرنگەلەپەیوەندی نێوان ئەم دوحیزبە ، دەکرێت ئەم ڕوداوە ببێتەبەردێکی بنچنەیی بۆدروست بونی متمانەلەنێوان یەکێتی وپارتی وسەرجەم هێزەسیاسی یەکانی کوردستان وهەنگاوێکی سەرەتایی بەئاڕاستەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان وچەسپاندنی ئازادی سیاسی وسیستمی دیموکراسی ومافەکانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا . بەلام بەبێ یەکخستنەوەی هەردوئیدارەکەودامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتولەکوردستان ، پرۆسەی دیموکراسی وئاشتی وتەبای نێوان پارتی ویەکێتی وحیزبەسیاسی یەکانی کوردستان ناتەواوەوکاریگەری جددی نابێت لەسەرپێشهاتەسیاسی یەکانی ناوچەکە ولەبەرامبەرفشاری دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا هەربەلاوازی دەمێنێتەوە ، تەنانەت ئەحزابی

ناسیۆنالیستی ودەسەلاتدارانی دەوڵەتی ناوەندلەعێراق بە پێی ڕادەی یەکگرتویی ئیرادەی سیاسی ویەکڕیزی ناوماڵی کورد ، مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردوچارەسەری مەسەلەی ڕەوای خەڵکی کوردستاندائەکەن و وسەنگ وقورسایی سیاسی حیزبەکوردستانەیەکانیش لەیەك هەڵوێستی وکرداو وگوتاری یەکگرتوانەداخۆی دەبینێتەوە ، ناکرێ تۆباس لەحکومەتێکی یەکگرتوبکەیت بەڵام 4 وەزارەتی گرنك لەهەردولا یەك ناگرنەوە ، ئەم سیاسەتە بەئاشکراوزۆربەڕۆشنی بێ متمانەی وقەڵشت ودرزێکی گەورەی نێوان یەکێتی وپارتی ونامونسجم بونی ناوماڵی کوردی نیشان ئەدات .

یەك نەگرتنەوەی 4 وەزارەتی گرنگ ومانەوەیان لەژێردەسەڵاتی یەکێتی وپارتی دا ، ئەم ئارایش وئاڵوگۆڕانەی کەئەم دوحیزبەسەبارەت بەیەکخستنەوەی هەردوئیدارەکەنیشانیاندا ، لەمتمانەوباوەڕی خەڵکی کوردستان کاڵ وکەم ڕەنگ دەکاتەوە ودیموکراسی بونی ئەم دوحیزبەش دەخاتەژێرپرسیارەوە ، ئەم 4 وەزارەتەکەبریتین لە وەزارەتەکانی ناوخۆ ، پێشمەرگە ، دارایی و داد ، گرنکترین ستونی ئەساسی و دەسەڵاتی ئەم دوحیزبە پێك دەهێنن وتوانای شەڕوئاشتی وئیدارەی وڵات لەدەست ئەم 4 وەزارەتەدایە ، ئاخر وەزارەتەکانی پەروەردەوتەندروستی و وەزارەتەکانی تری لەوجۆرەکەبڕیارەتێکەڵ بکرێنەوەهیچ شتێك لەکێشەوهاوسەنگی سیاسی نێوان یەکێتی وپارتی ناگۆڕێت وبەهیچ جۆرێك مانای ئەوە ناگەیەنێت کەهەردوئیدارەی سلێمانی وهەولێر یەك دەگرێتەوەوحکومەتێکی یەکگرتو پێك دەهێنن ، کاتی خۆی کەلەساڵی 1991دائیدارەی کوردستان کەوتەدەست ئەم دوحیزبە ، وەزارەتەکانی پەروەردەوتەندروستی و چەندوەزارەتێکی ترتاکودوای هەڵبژاردنەکانی پارلەمان ساڵی 1992 ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیان بەدەوڵەتی ناوەندەوەهەرمابو .

تائەوکاتەی هێزەچەکدارەکانی کوردستان لەموڵکەیتی تایبەتی حیزبی ئازادنەکرێت ولەژێردەسەڵاتی یەکێتی وپارتی نەیەتەدەرو نەبێتەهێزێکی نیزامی ولەچوارچێوەی یاساودەوڵەتێکی یەکگرتودایەك نەخرێــتەوە ، هەرگیزئاشتی ودیموکراسیش لەکوردستان پایەداروســەقام گیــرنابێت ، پارتی ویەکێتی بەهێزی چەکداری سەربەخۆوبەدارایی تایبەتی حیزبی دەتوانن درێژەبەململانەی غەیرەدیموکراسی یانەودرێژەبەشەڕی ناوخۆبدەن ، ئەگەرئەم دوحیزبەبەڕاستی بێنەناومەیدانی دیموکراسی یانەوەودەست لەسیاسەتی خۆسەپاندن وتەوافــقات بیروکراسی یانەی خۆیان هەڵ بگرن وهێزەچەکدارەکانیان بکەنەسوپای یەکگرتو وپارێزەری ڕاستەقینەی وڵات ودورلەکلکایەتی حیزبی ودارایی وئیدارەی وڵات یەك بخەنەوە وگوێ ڕایەڵی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان بن ویاســـــاسەروەربێت ، ئیتربۆهەتاهەتایەمەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناخۆ و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی وپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ نائارامی کوردستان کۆتایی پێ دێت ، تەنهالەم ڕێگایەوە یەکێتی وپارتی دەتوانن دیموکراسی بونی خۆیان نیشان بدەن وهەربەم ڕێگایەش دەتوانن ناوماڵی کورد ڕێکبخەنەوەوببنەهێزێکی تۆکمەو یەکگرتولەبەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندلەعێراق بۆبەرگری لەوڵات وبەدەست هێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان .

ئەبوبکر ئەحمەد ســلێمان

2005-6-18 هۆڵــــندا